# تێگەی میمێزیس لای ئەریستۆتێلیس

کاوە جەلال

## پێشگۆتن

گریکەکانی ئەنتیکە بەهایەکی هونەریانەی مەزنیان بە میمێزیس دابوو، لێ پلاتۆن بۆ یەکەم جار واتای ئەم تێگەیە وەردەچەرخێنێت[1]، ئەویش بەوە کە دەیخزێنێتە نێو چێوەی "دەروێنە"وە، واتا وەک لاسایی جیهانی ئەزموون (ئەمپیری) دایدەنێت. لێ ئەرِیستۆتێلیس [2]، بە پێچەوانەی پلاتۆنی مامۆستای، سەرلەنوێ واتایەکی مەزنی هونەریی پێدەداتەوە و لەپاڵ فەلسەفەدا دەیکات بە بوارێکی ئۆتۆنۆم.

ئەرِیستۆتێلیس بە تایبەتی لە نووسینی "پۆئێتیک"دا ("لەبارەی هونەری هۆنینەوە"، "فن الشعر") گۆرِان بە تیۆریی میمێزیس دەدات. تێگەی میمێزیس وەک هێڵێکی سوور وایە کە بەنێو سەرجەم "پۆئێتیک"دا درێژ دەبێتەوە. لێ ئەرِیستۆتێلیس بە هیچ شێوەیەک ئەم تێگەیە روون ناکاتەوە، تاکو خوێنەر بزانێت داخۆ میمێزیس لای ئەو چە کرۆکێکی پێدەدرێت. بێگومان پرسیارانی وەک: داخۆ میمێزیس لای گریکەکانی ئەو دەمە تێگەیەکی بڵاو بوویێت و لەبەر ئەم هۆیە ئەرِیستۆتێلیس بە پێویستی نەزانیبێت پێناسەی بکات، یان داخۆ "پۆئێتیک" موحازەرەیەکی ئەو بێت بۆ فێرخوازەکانی، ئەوانیش لە سەرەتاوە زانیبێتیان مامۆستاکەیان چە پێناسەیەکی بۆ میمێزیس هەیە، بە کورتی ئەمانە پرسیاری ئەوتۆن کە ئەمرۆ شیاوی وەڵامدانەوە نین.

توێژەری "پۆئێتیک" ئەرِیستۆتێلیس هاوکات دەکەوێتە بەردەم دوو کێشەی کرۆکی: یەکەمیان ئەوەیە، کە ئەم کارە بە ناباشی لە شێوەی نەخشەی نووسینێکدا گەیەنراوە؛ دووەمیان ئەوەیە، کە ئەرِیستۆتێلیس لە "پۆئێتیک"دا دەبێژێت، گۆیا ئەو لە جێیەکی تایبەتیی (نووسینەکەی / موحازەرەکەی)دا خۆی بە کۆمیدیاوە خەریک دەکات. لێ ئێمە لە "پۆئێتیک"دا هیچ خۆتەرخانکردنێکی تایبەتیی ئەو بۆ کۆمیدیا نابینین، ئەم کەلێنەش توێژەرانی ئەرِیستۆتێلیسی بەوە گەیاندووە، کە ئەم بەشەی کۆمیدیا بە گومبوو دابنێن. ئەم کەلێنە کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنێکی نزیکی پۆئێتیک و لێرەشەوە لەسەر تێگەی میمێزیس هەیە.

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لەسەر زەمینەی فەلسەفەی ئەرِیستۆتێلیس لە تێگەیشتنی ئەو بۆ دارِشتنی میمێزیانە نزیک بکەوینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش لەپاڵ نووسینی "پۆئێتیک"دا — کە بابەتی سەرەکی دەمێنێتەوە — نووسینی دیکەی فەلسەفەیی ئەو رەچاودەکەین.

ئێمە هاوکات گەرەکە ئاماژەیەک بۆ ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بدەین. لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت لە لایەک ئەو ڕاستییە ساغبکەینەوە، کە میمێزیس لای ئەرِیستۆتێلیس تەنیا لە ڕەوشی "دانەوەی ڕیالێتیی دراو"دا دەشێت بە لاسایی دابنرێت؛ ئێمە پێویستە لەم پەیوەندییەدا دانوستانی دوو شێوەی دیکەی میمێزیس بکەین کە بریتین لە ئیدیالیزەکردن و فیکسیۆن. ئەم دوو شێوەیەی میمێزیس هیچ پەیوەندییەکیان بە لاسایی ڕیالێتییەوە نییە، چونکە هونەرەکانی هۆنینەوە لەم دوو ڕەوشەدا لەژێر ڕکێفی یاسای تایبەت بە خۆیاندان و لەبەر ئەم هۆیە پتر واتای "دارِشتن" دەگەیەنن. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە ناتوانین میمێزیسی ئەرِیستۆتێلیس بە سانایی لە خانەی ڕیالیزمدا دابنێین. ئامانجێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئێمە بەم کارە دەخوازین بناغەیەک برِێژین و لەسەری هەوڵی کۆتاییهێنان بە تێگەیشتنی باوی کوردی بۆ پۆئێزیس (هۆنینەوە) بەربخرێت، واتا ئەو تێگەیشتنە کە هۆنینەوە وەک ڕێکخستنی وێنەکانی هەست یان تەنانەت وشەسازیی پلاستیکی دادەنێت و بە لای "فۆرماندن"ی کەرەسەدا ناچێت، کە لە بنەرِەتدا پرۆسەی "بەهونەربوون"ە و بەبێ چالاکیی زەین پێشڤەناچێت. وەک دوا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەخوازین پێشانی بدەین، کە هونەر هیچ پەیوەندییەکی بە ویژدانەوە نییە، وەک چۆن زۆر ئارەب و بەرِێی ئەوانیشەوە زۆر کورد لە هۆشی دینیی ئیسلامییەوە جەختی لێدەکەن، بەڵکو تەنیا لە خواستی مرۆڤەوە بۆ دارِشتن دێتەگۆرِێ و پاڵهێزەکەشی موئاناتە.

## 1- تێگەی میمێزیس لەنێو داوی فەلسەفەی ئیدێکانی پلاتۆندا

پلاتۆن لە بەشی دەیەمی نووسینە مەزنەکەیدا بەناوی "پۆلیتێیا" (دەوڵەت یان کۆمار) دێتە دەربڕین لەبارەی میمێزیس. ئەو لەوێدا دەبێژێت: دارشتنی هونەری بریتییە لە "لاسایی". بە واتایەکی دی، پلاتۆن هونەر وەک "دەروێنە"ی جیهانی ئەزموون دادەنێت، ئەمەش ئەو جیهانەیە کە ئێمە تێیدا دەژین.

پلاتۆن لە نێوان دوو جیهاندا جیاوازی دەکات کە بریتین لە جیهانی ئەزموون (ئەمپیری) و جیهانی ئیدێکان. جیهانی ئەزموون دەروێنەی جیهانێکی دیکەی سەروێنەییە کە بریتییە لە جیهانی ئیدێکان. هەروەها جیهانی ئەزموون تەنیا بەرێی بەشداریکردنییەوە لە جیهانی سەروێنەیی ئیدێکاندا واتایەک وەردەگرێت، لێرەشدا لایەنێک جەختە: جیهانی ئەزموون لەم بەشداریکردنەدا هەرگیز بە کامیلێتیی جیهانی ئیدێکان ناگات، نەخێر، جیهانی ئەزموون لە ئەو دەچێت، کەواتە هاوشێوەی ئەو نییە.

لێ پلاتۆن لە جیهانی ئیدێکانەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە شرۆڤەی مەئریفەوە، واتا لە جیهانی ئەزموونەوە دەردەچێت. ئێمە بەرێی سێنسەکانمانەوە تەنیا دەرکی جیهانی ئەزموون دەکەین، لێ سێنسەکانمان هیچ شتێکمان لەبارەی ''بوون''ی شتە دەرککراوەکان پێڕاناگەیەنن. لەبەر ئەم هۆیە دەرککردنەکانمان زانین نین. سێنسەکان ناتوانن ببن بە بناغەی زانین، چونکە زانین تەنیا زانینی بوون ی دیاردەکانی جیهانی ئەزموونە، ئەمەش جیهانی سەروێنەیی ئیدێکانە و تەنیا بەرێی ئاوەزەوە شیاوی ''لێڕوانین''ـە. گەر هۆش بییەوێت بە زانین بگات، ئەوا دەبێت ئاڕاستەی خۆی لە جیهانی ئەزموونەوە ڕووەو جیهانی ئیدێکان وەربگۆڕێت، لێرەشدا بەردەوام بە لێهزرینی شرۆڤەیی بۆ بوونی هەر دیاردەیەکی دەرککراو بگەڕێت، هەتا لە کۆتایدا بۆی دەلوێت لە باڵاترین ئیدێ بڕوانێت کە ئیدێی چاکەیە. کێ لەبارەی ئیدێی چاکە نەزانێت، ئەو یەکە هەرگیز لەبارەی داد و جوان و فەزیلەکانی دی هیچ نازانێت.

گرنگ پەیوەند بەم کێشەیەی ئێرەوە ئەوەیە کە جیهانی ئەزموون دەروێنەیەکی ناکامیلە، بە پێچەوانەوە جیهانی ئیدێکان سەروێنەیەکی کامیلە. ''مێز'' بۆ نموونە لەنێو هۆشی دارتاشدا فۆرمێکی کامیلی هەیە، لێ ئەو مێزە ماتەرییانە/مادییانە کە دارتاش لە تەختە دروستیان دەکات، ناکامیلن، چونکە دەروێنەی ئەو مێزانەن کە ئەو لەنێو دەروونی خۆیدا بینیونێتیەوە. دەروون پێش هاتنی بۆ نێو لەش، لە هەبوونە ئەوجیهانییەکەیدا، لەو ئیدێیەی مێزی ڕوانیوە و ئێستاش لە جیهانی ئەزموونودا دەیهێنێتەوە یادی خۆی. دارتاش لە مێزەکانی نێو هۆشی دەڕوانێت و پاشان بە کەرەسە (تەختە) لاساییان دەکاتەوە. لەبەر ئەم هۆیە مێزەکان ناکامیلن، واتا لە مێزەکانی نێو هۆشی دەچن، لێ هاوشێوەیان نین.

پلاتۆن هەمان دوالیزمی (دوانەتی) جیهانی ئەزموون و جیهانی ئیدیٚ بەسەر هونەردا بەکار دەهێنێت. هونەر بریتییە لە میمێزیس، واتا بریتییە لە لاسایی، بێگومان نەک لاسایی ئیدێکان وەک لای دارتاش (پیشەگەر)، بەڵکو لاسایی شتەکانی جیهانی ئەزموون یان لاسایی بابەتەکانی پیشەگەران (هونەرمەند وێنەی مێزەکەی دارتاش بە بۆیە دەسازێنێت). لەم ڕوانگەیەوە هونەر لای پلاتۆن پلەیەکی نزمی سێیەمین لە پشتی جیهانی ئەزموونەوە وەردەگرێت. هونەر دەبێت بە ''سێبەر''ی ئەمدنیا. بە واتایەکی دی: گەر جیهانی ئەزموون بریتی بێت لە دەروێنەی جیهانی سەروێنەیی ئیدێکان، ئەوا هونەر وەک دەروێنەی جیهانی ئەزموون دەبێت بە دەروێنەی دەروێنە. پلاتۆن لێرەوە داواکاریی مۆرالی بەرز دەکاتەوە: لەبەر ئەوەی هونەرمەند ڕوو ناکاتە جیهانی ئیدێکان و خەریکی لاسایی بابەتەکانی جیهانی ئەزموون یان لاسایی بابەتەکانی پیشەگەرانە، ئەوا میمێزیس "گەمەیەکی پڕمەترسییە بە ئیدێنتیتیٚ و لەبەر ئەم هۆیە دەبێت ڕێی لێبگیرێت. داڕشتنی میمێزیانە بۆی دەبێت بە مایەی خەم بۆ ئیدیٚ و دەوڵەت" [3]

بێگومان ئەم نرخاندنە نزمەی هونەر لای پلاتۆن واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت، کە ئەو چاوپۆشی لە هەندێک هونەر نەکات و هەموو شێوەیەکی هونەر یاساغ بکات. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ دا، کێشەکە لێرەدا وەرگۆڕینی ئاڕاستەی هۆشە ڕووەو ئیدێکان، ئەمەش بە واتای: "نرخاندنی هونەر لای پلاتۆن بەندە بە ڕێژەی بەشداریکردنی هونەرەوە لە مەئریفەی ئیدێکاندا"[4]. پلاتۆن لە لایەک میمێزیسی تراژیدیا یاساغ دەکات و هونەرمەندانی ئەم جۆرەی (ژانرەی) هونەر لە دەوڵەتەکەیدا ''نەفی دەکات''، چونکە تراژیدیا بە بڕوای ئەو ''هەڵە''ی تێدایە و بە ''سانسۆر'' ڕاست ناکرێتەوە. لیٚ پلاتۆن لە لایەکی دی تا ڕادەیەک چاوپۆشی لە ئەفسانەکان دەکات. "ئەفسانە هەرچۆنێک بێت بە هۆنینەوە کرۆکی چاک و ئەزەلیی خودایەتیمان بۆ دەردەبڕێت، لیٚ تراژیدیا بە پێچەوانەوە تەنیا بزوێنەری گلەیی و گریان و نەسازییە و دەبێت بەهۆی ترس لە مردن. تراژیدیا سامناکییەکانی جیهانی ژێرەوە (هادێس، دۆزەخ – ن) دەرازێنێتەوە" [5]. لیٚ میمێزیسی ئەکتەر گەورەترین مەترسییە کە لە سەرجەمی مەترسییەکانی دی تێپەڕدەکات. بۆ ئەوەی سەربازەکان (ی نێو دەوڵەتەکەی پلاتۆن) لە ئەرکەکانی سەرشانیان تێبگەن و بە باشی بەدییانبهێنن، ئەوا نابێت جگە لە ئەرکی سەربازی هیچ کارێکی دی ئەنجام بدەن یان لاسایی هیچ شتێک بکەنەوە، لیٚ گەر پێویست بوو لاسایی بکەنەوە، ئەوا دەبێت هەر لە منداڵییەوە فێربکرێن، کە تەنیا لاسایی پیاوی دلێر و هۆشسەنگین، ئیماندار و نەفسبەرز بکەنەوە [6].

کەواتە گەر هونەر لاسایی جیهانی ئەزموون بێت، ئەوا هونەرمەند زانینی نییە و هونەرەکەی پڕمەترسییە بۆ چاکی و دەروونپاکی. لیٚ گەر هونەر پێویست بێت و ببێت بە مایەی چاککردنی مرۆڤ، واتا ڕۆڵێکی پەروەردەیی لە پێناوی سەنگینیی دەروون و ئیمانداریدا وەربگرێت، ئەوا دەشێت ڕیٚ بەم جۆرە هونەرە بدرێت [7].

## 2- چالاكییە هونەرییەكانی مرۆڤ لە روانگەی فەلسەفەی ئەرِستۆتێلیسەوە

فەلسەفەی ئەرِستۆتێلیس تەواو پێچەوانەی فەلسەفەی پلاتۆنە. كاتێک پلاتۆن جیهانی ئیدێكان بە جیهانی سەرمەدییانەی بوون دادەنێت و جیهانی ئەزموونیش (دەرككردنیش) دەخاتە پەیوەندیی بەشداریكردنەوە لەو جیهانەی بووندا، ئەوا ئەرِیستۆتێلیس بە پێچەوانەوە جەخت لەوە دەكات كە ئیدێكان (ئەم ئێستا ناویان دەنێت فۆرمەكان) هیچ بوونێكی رەهای سەرمەدییان نییە، بەڵكو لەنێو جیهانی ئەزمووندان. لێرەدا رەخنە كرۆكییەكەی ئەرِستۆتێلیس لە پلاتۆن دەردەكەوێت. ئەم دەبێژێت: پلاتۆن ئەدگارێكی سەروێنەیی بە ئیدێكان دەدات و شتە تایبەتەكانی یان تاكەكانی ئەم جیهانەی ئەزموونیش دەخاتە  پەیوەندیی "بەشداریكردن"ـەوە لە ئیدێكاندا، لێ ئیدێكان بەهۆی بوونە سەرمەدییەكەیانەوە هەموو رۆڵێک بۆ هەبوونی (ئەكزیستێنسی) شتە تاک و زۆر و پەرشەكانی جیهانی ئەزموون دەدۆرِێنن. ئەم فەلسەفەیەی پلاتۆن، وەک ئەرِیستۆتێلیس دەبێژێت، هیچ شتێک لەبارەی ''ئاوەلابوون''، واتا لەبارەی ''بەنێوداهەڵهاتن'' و ''دروستبوون'' لەنێو جیهانی ئەزموونیدا روون ناكاتەوە.

ئەرِیستۆتێلیس دژی هزرینی دوالیستییە، واتا گریمانەی دوو جیهان ناكات. ئەم سەرجەم جیهان و كەرتەكانی وەک گەوهەر (زوبستانس) دەبینێت. لێ ئەرِیستۆتێلیس لە نێوان گەوهەری یەكەم و دووەمدا، واتا لە نێوان كەرەسە و فۆرمدا جیاوازی دەكات و هاوكات دەبێژێت، كە هەردووكیان خۆیان لە پەیوەندییەكی نێوخۆییدا دەبیننەوە. فۆرم تەنیا لەنێو یەكەم گەوهەردا ریالیزە (تەهقیق) دەبێت، واتا بەنێویدا دەئەنگوتێت، بەنێویدا فۆرم وەردەگرێت. فۆرم بریتیە لە هەقیقەتی كەرەسە. ماتەری/مادە كەرەسەیە، فۆرم شێوەوەرگرتنی ئەوە. لە نێوان هەردووكیاندا پەیوەندییەكی تێلیۆلۆژیانە هەیە و ئەرِیستۆتێلیس ناوی دەنێت ئێنتەلەشی، واتا: هەموو شتێک لە سروشتی ژیندارا ئامانجەكەی لەنێو خۆیدایە و بەنێو خودی شتەكەدا ئاوەلادەبێت، یان دەسازێت؛ هەموو شتێكی سروشتی ژیندار بریتییە لە هۆ و ئامانج یان لە هۆئامانج. سەرجەمی ماتەری لە سروشتییەوە كۆشش دەكات بۆ ئەوەی فۆرمە نێوخۆییەكەی ریالیزە بكات (تەهقیق بكات). هەر شتێک فۆرمی نەبێت، هەقیقەتیشی نییە.

بێگومان بۆ هەڵهاتنی فۆرم بەنێو كەرەسەدا پاڵهێزێک گەرەكە، تاكو ئەو كەرەسەیە بكات بە كەرەسەیەكی فۆرمپێدراو. ئەرِیستۆتێلیس دوو جۆر پاڵنان (پاڵهێز) دیاری دەكات: یەكەم، پاڵنانی سروشت، واتا ریالیزەبوونی سروشتی بەهۆی پەیوەندیی هۆئەنجامییانەی كەرەسە و فۆرمەوە (پێگەیشتنی تۆوێک و بوونی بە درەخت)، دووەم، دروستكردن یان بەدیهێنان لە لایەن مرۆڤەوە. ئەم دروستكردنە بەرِێی هونەرەوە (تێشنێ) بەدیدەهێنرێت. مرۆڤ بەوەدا لە سەرجەم زیندەوەرەكانی دی جیادەبێتەوە، كە ئەو لە ناخییەوە توانستێكی سروشتیی وەک پاڵهێز هەیە و دەیبزوێنێت بۆ كۆششی گەیشتن بە مەئریفە. مرۆڤ بەگشتی دەرككردنە سێنسییەكانی خۆی خۆشدەوێت، لێرەشدا بەتایبەتی دەرككردنی سێنسی بینین. لێ لەبەر ئەوەی ئەم سێنسە پتر جیاوازیی نێوان

شتەکان بە مرۆڤ ڕادەگەیەنێت، ئەوا پتر لە سێنسەکانی بیستن و بۆنکردن، چێژتن و گرتن یاریدەی ئەو دەدات بە مەئریفەی شتەکان بگات.

دەرککردن وەک توانستێکی سروشتیی مرۆڤ سەرەتای پرۆسەی مەئریفەیە. شتی دەرککراو لەنێو هۆشدا ''دەمێنێتەوە'' و بەم ڕێیەوە شیمانەیەک بۆ چێبوونی ''یادەوەری'' و ''وێنا'' دێتە ئاراوە. لێ کاتێک زیندەوەرەکانی دی بە پێشبینی و یادەوەریەکانیان دەژین، ئەوا بە پێچەوانەوە سیمای سەرەکیی دەرککردنی مرۆڤ ئەوەیە، کە بە مانەوەی بابەتی دەرککراو ''ئەزموون'' چێدەبێت. هۆی چێبوونی ئەزموونیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ دەتوانێت بە لێهزرین خەریکی دەرەنجامگیری بێت. ئەوجا گەر مرۆڤ لە ئەزموونی زۆرەوە بە هزرێک بگات و لەم هزرەوە تێگەیەک لەسەر ''هاوشێوە'' چێبکات، ئەوسا شیمانەی هونەری (تێشنێ) لە لا دێتە ئاراوە — هونەر لە واتا گشتییەکەیدا [8].

ئەزموون لای ئەرپستۆتێلیس وەک کلیلێک وایە بۆ سەرجەم گۆڕانە هۆشیەکانی دی. ئەو دەبێژێت: "لە ڕووی کردارەوە ئاوها دەنوێنێت هەروەک ئەزموون هیچ جیاوازییەکی لە هونەر نەبێت. ئێمە زۆر بەچاکی دەبینین، کە پیاوانی ئەزموون زووتر ڕاست دەهەنگێون لەو پیاوانە کە تێگەیان هەیە و ئەزموونیان نیە (هۆی ئەمە لەوەدایە کە (...) ئەزموون زانینی شتە تاکەکانە و هونەر زانینی گشتێتییە...). (...) ئێمە سەرەڕای ئەوە زانین و تێگەیشتن پتر لە هونەردا دەبینین وەک لە ئەزموونددا و هونەرمەندان بە داناتر لە پیاوانی ئەزموون دادەنێین (...). ئێمە بۆیە ئەمە دەکەین، چونکە یەکێکیان (هونەرمەندان — ن) هۆکە دەزانن و ئەوانی دیکە (پیاوانی ئەزموون – ن) نایزانن. پیاوانی ئەزموون تەنیا ''سەرەنجامەکە'' دەناسن و ''بۆچی''یەکە ناناسن. لێ هونەرمەندان ''بۆچی'' و ''هۆ''کەش دەزانن" [9].

بێگومان ئێمە ناتوانین ئەم تێڕوانینەی ئەرپستۆتێلیس ئاوها وەربگرین، هەروەک ئەو ئەزموون و مەئریفەی گشتێتی، سەرباری جیاوازیی تێگەییان، بەڕەهایی لە یەکدی جیابکاتەوە. ئێمە گەرەکە لەو دەربڕینە ئاوها تێبگەین، کە ئەو جیاوازی لە نێوان کەسانی تەنیا ئەزموونددار و کەسانی تێشنێگەردا (هونەرمەنددا) دەکات، تاکو مۆرکە سەرەکییەکەی تێشنێگەران دیاربهێنێت. لە بنەڕەتدا تێشنێگەریش لەپاڵ مەئریفەی گشتێتیدا ئەزموونی هەیە و بە تێگەکانی پوختتری دەکاتەوە.

ئێمە لە سەرەوە گۆتمان، کە لای ئەرپستۆتێلیس دوو جۆر پاڵهێز لە دروستبوونەکاندا کاریگەرن: پاڵهێزی سروشتی و مرۆڤی. تێشنێ بەو ڕێیەوە لە بەدیهێنانی نێو سروشت جیادەبێتەوە، کە ئەو وەک هونەر لەنێو شتەکەدا (درەختەکەدا) نییە، بەڵکو لەنێو تێشنێگەردایە (هونەرمەنددایە) و ئەوجا وەک تێشنێ ''گۆڕانێک'' لەنێو شتێکی دیکەدا بەردەخات [10]. سەرەڕای ئەوە سروشت و هونەر کاریگەرییەکی لێکچوویان هەیە، بۆیە تێشنێگەر دەبێت بزانێت، داخۆ ئەو کەرەسەیە کە ئەو بۆ بابەتەکەی گەرەکییەتی، کەوتۆتە ژێر رکێفی چە یاسایەکەوە. ئەو هەروەها دەبێت ئامرازەکانی کارەکەی بناسێت، چونکە وەک تێشنێگەر بزووتنێک بەڕێی

ئامرازەکانی کارەکەیەوە بەردەخات. کەرەسە و ئامرازی کار لەژێر ڕکێفی یاساکانی سروشتدان و تێشنێگەریش دەبێت بییان ناسێت تاکو بتوانێت مەبەستەکەی بەدیبهێنێت [11].

لێ تێشنێ (هونەر) هاوکات دوای مەبەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت. مەبەستی تێشنێ بریتییە لە دروستبوونی بەرهەمێک کە شتێکی بەرجەستەیە و لەبەر ئەم هۆیە بوونێکی سەربەخۆی لە کەسی تێشنێگەر هەیە. [12] ئەرپستۆتێلیس لەم ڕوانگەیەی مەبەستەکانەوە جیاوازیی لە نێوان هونەرەکاندا دەکات. مەبەستی هەندێک هونەر دروستکردنی بابەتە پێویستەکانی ژیانە (بۆ نموونە مێز و کورسی، کەوچک و پێڵاو و هتد)، هەندێکی دیکەیان ڕوو دەکەنە شادی و چێژ و درەنگتر لە هونەرە پێویستەکانی ژیان هاتونەتە ئاراوە. ئەم جۆرە هونەرانە بۆ ئەرپستۆتێلیس ‘‘دانایانەتر’’ن لە هونەرە پێویستەکانی ژیان، چونکە مەئریفەکەیان گرنگی بە ‘‘کەڵک’’ نادات.

هەروەها میمێزیز بریتییە لە شێوەیەکی تێشنێ، کە لە هونەری هۆنینەوەدا (پۆئێزیسدا) کایەی کردار و موئاناتی مرۆڤ پێشان دەدات. کەواتە ئێمە لێرەش بەندین بە چالاکییەکەوە، لێ چالاکییەک کە "بەرهەم ناخاتەوە"، بەڵکو لە ناخەوە "دادەڕێژێت" یان "دەداتەوە"، ئەوجا ئەو شتە کە میمێزیس دەیداتەوە، بەرهەم نییە، بەڵکو "ناوەرۆک"ی داڕشتنەکەیە، هەروەها ئەم ناوەرۆکە "لە شتێکەوە" دروستناکرێت (لە تەختەوە بۆ مێز)، بەڵکو "لەنێو شتێکدا" دیاردەهێنرێت. بەم شێوەیە پرسیاری "لە چییەوە" دەبێت بە "لە چیدا"، واتا بە مێدیوم (نێوەند) .[13]

کەواتە میمێزیس وەک هونەر جیاوازە لە ‘‘بەرهەمهێنان’’. کاتێک پلاتۆن هونەرمەند بە پیشەگەر بەراورد دەکات، ئەوا ئێستا هونەرمەند لای ئەرپستۆتێلیس ئەوە دەداتەوە، کە سروشت هێناوییەتە ئاراوە. ئاخر دەرککردن، وەک کلیلی میمێزیس، ڕاستەوخۆ فۆرم و کەرەسەی لەخۆگرتووە. مرۆڤ لە دەرککردنی درەختێکدا تەنیا دیاردەی ئەو درەختە وەرناگرێت، بەڵکو هاوکات دەرکی فۆرمێک دەکات. ئەم فۆرمە کە جارێ بێگومان پسیکۆلۆژییانەیە، واتا جارێ مەحسوسە، لە ڕووی تیۆریی مەئریفەوە بۆ فەیلەسوف بەس نییە، بەڵکو ئەو گەرەکە بیکات بە بناغەی لێهزرینی دی و لێوەی فۆرمی پەتی دەربکێشێت، لێ بۆ هونەرمەند بە پێچەوانەوە بابەتی فۆرمپێدانی هونەرییە، بابەتی هۆنینەوەیە. ئێستاش ئەرپستۆتێلیس ڕەخنەییانە لەدژی پلاتۆن دەبێژێت، کە داڕشتنی هونەرییانەی میمێزیسڤان کارێکی بەجێیە و تەکنیکەکانی داڕشتنیش، کە ئەو بۆ مەبەستە هونەرییەکەی دەیانخاتە گەڕ، ‘‘ڕاست’’ـن. ئاخر مرۆڤ لە سروشتەوە ‘‘حەز’’ی لە داڕشتنە، ئەم حەزەیش دژبەری ژیانی چاک نییە، بە پێچەوانەوە، حەز ڕوو دەکاتە ژیانی چاک، "ئەمەیش گونجاوە لەتەک سروشتی مرۆڤدا، واتا لەتەک سروشتی ئەو زیندەوەرەدا کە هەمیشە لە کانگای ناخییەوە کۆشش بۆ مەئریفە دەکات و تەنیا بەرێی ئەم کۆششەیەوە لە زیندەوەرەکانی دی جیادەبێتەوە" [14]. بە واتایەکی دی: ئەرپستۆتێلیس وەک پلاتۆن "پێوری مۆرالی لە نرخاندنی هونەردا" دانانێت. نەخێر. ئەرپستۆتێلیس دەبێژێت: "تەنانەت شکست، یان تەنانەت ئەوە کە لە ڕووی مۆرالییەوە شایانی لۆمەکردنە"، دەشێت وەک کەرەسەی ئەنجامدانی کاری هونەری وەربگیرێت، لێ ئەمە بەو مەرجە کە "میمێزیس لێرەدا بتوانێت کرۆکی هەقیقەت دابڕێژێت" [15]. میمێزیس بریتی نیە لە خستنەوەی دەروێنە، بەڵکو

بریتییە لە سازاندنی/فۆرماندنی کەرەسە، ئەمەش پلەیەکی سێیەمین لە پشتی جیهانی ئەزموونەوە بە هونەر نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دارشتنی میمێزییانە پلەیەکی تایبەت و سەربەخۆی هەیە.

## 3- زەمینەی ئەنترۆپۆلۆژیانەی گۆڕانی هونەرەکانی هۆنینەوە

مرۆڤ لە سروشتەوە کۆشش بۆ گەیشتن بە مەئریفە دەکات. هەر ئەم مەئریفەخوازییەی مرۆڤە کە وا دەکات، مرۆڤ تەنانەت شادی لە بینینی وێنەی ئەو "شتانە" ببینێت، کە ئەو لە "ڕیالێتیدا بە ناحەزیەوە لێیان دەڕوانێت"، بۆ نمونە "دارشتنی ئاژەڵ و لاشەی ئەوپەڕی قێزەوەن" [16]. "مرۆڤ حەزی لە بینینی وێنەیە، چونکە لەکاتی ڕوانیندا هەوڵدەدات شتێک فێر ببێت" و لەوە بهزرێت، کە داخۆ هەر یەکەی ئەو وێنانە چی بێت یان داخۆ هەریەکەیان "چی"ی دارشتبێت [17].

بەم پێیە میمێزیس بە تێگەیشتنی ئەرستۆتێلیس دوو هۆی هەیە: یەکەم، مرۆڤ لە سروشتەوە توانای دارشتنی میمێزیانەی هەیە، دووەم مرۆڤ لە سروشتەوە شادی لە ڕوانینی ئەو شێوانە دەبینێت، کە کەسانی دی دایانڕشتوون. کەواتە لای ئەرستۆتێلیس لێڕوانەر (بە گشتی جمهوری هونەر) ڕاستەوخۆ سەر بە کایەی هونەرە. لێ هەردووکیان، واتا چە دارشتنی میمێزیانە و چە شادیبینین لە کارە هونەرییەکان، "ڕەگیان لەنێو یەک ڕەمەکدا (غەریزەدا) هەیە کە حەزی مرۆڤە لە مەئریفە و فێربوون ...". ئەم "ڕەمەکە کە جووتەنییانە دەرکەوتووە"، بریتییە لە سەرچاوەی سەرجەم هونەرە میمێزییەکان [18].

لێرەدا پرسێکی گرنگ پەیوەند بە وەرگرەوە (جمهورەوە) ئەوەیە، کە ئەو نەک تەنیا حەزی لە دارشتنی بابەتی جوانە، بەڵکو هاوکات حەزی لە دارشتنی ئەو بابەتانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە ناحەزیەوە لێیان دەروانێت. کەواتە ئەرپستۆتێلیس "دەرفەت بە دارشتنی ناشرینی دەدات"، لێ گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە وەرگر ئاستەکانی کاری هونەری جیا دەکاتەوە نەک کارەکان خۆیان ئەمە بکەن [19]. ئاخر "نەک تەنیا فەیلەسوفەکان"، بەڵکو بەگشتی سەرجەم مرۆڤان بە "ڕوانین لە هونەر شتێک فێر دەبن و ئەوجا هەوڵ دەدەن لەوە بهزرێن"، کە داخۆ ئەو بابەتە دارێژراوە چی بێت [20]. گەر بابەتە دارێژراوەکە بە لێڕوانەر نامۆ بوو، "ئەوسا کارەکە وەک میمێزیس نابێت بە مایەی شادی، بەڵکو بەهۆی ئەنجامدانیەوە یان ڕەنگەکانیەوە یان هەر سیمایەکی دیکەیەوە" [21]. لێ ئەو کاریگەرییە ڕاستەقینانە کە وەرگر دەهەنگێون و دەیهەژێنن، لای هەر جۆرێکی هونەرەکانی هۆنینەوە بە شێوەیەکە. تراژیدیا گەرەکە ‘‘ترسان و ڕاچڵەکین’’ لە لێڕوانەردا بهێنێتە گۆڕێ، پاشان ‘‘کاتارزیس’’ (خاڵیبونەوەی خۆی لێڕوانەر)، کە بەهۆی ئەو دوو هەستەی ترسان و ڕاچڵەکینەوە هەڵدەچێت، لێ ئەرپستۆتێلیس بۆ کۆمیدیا داوای ‘‘سوکێتی’’ و ‘‘شایانی پێپێکەین’’ دەکات.

گەرچی ڕەگی میمێزیس لە حەزی فێربوونی مرۆڤدایە، لێ لەنێو سەرجەم مرۆڤاندا تەنیا کەسانی "بەهرەمەند" لە بواری هونەردا پێشدەکەون و کاری هونەری دەهێننە ئاراوە [22]. ئێمە لێرەدا بەندین بە لایەنی ئەفراندنی هونەرییەوە. جیاوازیی سەرەکی لە نێوان هونەرمەند و وەرگردا ئەوەیە، کە هونەرمەند "توانستی ئەندێشە"ی بەهێزە و "سروشتێکی موئاناتاوی"ی هەیە، هەروەها "ئازایەتی"ی خۆدەربڕین و "مەئریفەی گشتێتی" یان "تێگە"ی هەیە [23]. ئەمانە ئەدگارە کرۆکییەکانی هونەرمەندن و لە فەیلەسوف نزیکی دەخەنەوە. لێ داڕشتنی یان ئەفراندنی هونەری لەسەر یەک ئاڕاستە ڕەت نابێت، هۆی ئەمەش بە دیدی ئەڕیستۆتێلیس بۆ "کارەکتەر"ی هونەرمەندان خۆیان دەگەڕێتەوە: هەندێکیان "مەزن" و "جددی"ـن، هەندێکی دیکەیان "نزم" و "ئاسایی"ـن: هونەرمەندانی مەزن ئەوانەن کە کرداری "چاک"، واتا "جددی" دادەڕێژن، بۆ نموونە نووسەرانی ئێپیک و تراژیدیا، لێ هونەرمەندانی ئاسایی ئەوانەن، کە کرداری "نزم" دادەڕێژن، بۆ نموونە نووسەرانی کۆمیدیا و هۆزانی گاڵتەجاڕی [24].

ئاشکرایە هونەرەکان بە جارێک نەهاتوونەتە ئاراوە، بەڵکو مێژووی سەرهەڵدانیان هەیە. لە نێوان سەرەتاکانی هونەر و سۆفۆکلێسدا، لە نێوان هۆمێر و ئەڕیستۆفانێسدا، میانەیەکی مێژوویی بەرین هەیە. بێگومان لەم پەیوەندییەدا لایەنێک جەختە: جۆرەکانی هونەری هۆنینەوە یەک ڕەگی سەرهەڵدانیان هەیە، کە حەزی مرۆڤە لە داڕشتن و لێڕوانینی هونەرە داڕێژراوەکان. لێ کارە هونەرییەکان سەرەتا کرچ و ناتەواو یان کەمایەسیدار بوون، کە ئیدی هونەرمەندانی نوێ هەمیشە لە نوێوە پتر گۆڕانیان پێدەدان. سەرەڕای ئەوە ئەڕیستۆتێلیس پەیوەند بە گۆڕانی هونەرەکانەوە یەک پرنسیپ دەچەسپێنێت کە بریتییە لە داڕشتنی کرداری چاک و ناچاک، جددی و رواڵەتی یان نزم. گەرچی لە نێوان هۆمێر و سۆفۆکلێسدا میانەیەکی مێژوویی درێژخایەن هەیە، هەروەها گەرچی یەکێکیان ئێپیک و ئەویدیکەیان دراما دادەڕێژێت، سەرەڕای ئەوە هەردووکیان لە داڕشتنی مرۆڤی چاکدا/جددیدا یەکدەگرنەوە. ئەڕیستۆتێلیس لێرەدا ئاڕاستەیەکی وەرگرتووە و تێیدا گەیشتنی هونەر بە ''فۆرمی کامیل'' دەبینێت. بە دیدی ئەو هونەر لەژێر دەستی دوو نووسەردا بە فۆرمی کامیل گەیشتووە و بریتین لە سۆفۆکلێس و یۆریپیدێس. لێ کەندکە مێژووییەکە بریتییە لە هۆمێر: کاتێک هونەرمەندان هەتا هۆمێر بەگوێرەی کارەکتەری خۆیان خەریکی داڕشتنی کرداری چاک یان نزم بوون، ئەوجا ئەوانەی یەکەمیان ئێپیک و تراژیدیا، ئەوانەی دووەمیان کۆمیدیا و هۆزانی گاڵتەجاڕیان هێنایە ئاراوە، ئەوا هۆمێر پلەیەکی سێیەم لەم گۆڕانەی هۆنینەوەدا دەهێنێتە ئاراوە، کە ئاڕاستەیەک ڕووەو هەردوو لایەنە دژبەرەکەی هونەری هۆنینەوە وەردەگرێت: هۆمێر لە ئیلیاس و ئۆدیسێدا کرداری چاک دادەڕێژێت، لێ لە مارگیتێسدا (بەرهەمێکی گومبووی هۆمێر) کرداری ناچاک. هۆمێر ئەم داڕشتنانەی خۆی بە شێوەیەک جۆرداوە، کە تێیاندا توخمە سەرەتاییەکانی هەردوو جۆرەکەی دراما، واتا تراژیدیا و کۆمیدیا، کریستالە بوون، کە ئیدی بە گۆڕانێکی درێژخایەن هەمیشە پوختتر کراونەتەوە و فۆرمی گونجاوتریان پێدراوە، هەتا پاشان لە کۆتاییدا بە کامیلی گەیشتوون.

کەواتە ئەرِیستۆتێلیس گۆرِانی ئەدەب و هونەر لەنێو ‘‘پرۆسەیەکی ئامانجدار‘‘دا دەبینێتەوە. لێ ئەو پرۆسەیە بە دیدی ئەو ‘‘تەواوکراوە‘‘. هەر لێرەوەیە کە ئەو دەرفەت بە خۆی دەدات، بە شێوەی تیۆری-مەئریفەیی رِووبکاتە کارە تەواوکراوەکانی ئەو هەقیقەتە ئەدەبی و هونەرییە، کە ئەو لە "بەردەم" خۆیدا دەیبینێتەوە، ئەوجا لە گۆشەنیگای فەلسەفە هۆئەنجامییەکەی خۆیەوە رِێسایەک بۆ دروستکردنی کاری هونەری دابنێت [25].

## 4- کێشەی سازاندن لە هونەرەکانی هۆنینەوەدا

ئەرِیستۆتێلیس بە یاریدەی تێگەی میمێزیس پرسی ،،هونەرەکانی هۆنینەوە،، (پۆئێزیس) ئاوەڵا دەکات. جۆرە (ژانرە) تایبەتییەکانی هۆنینەوە، واتا ئێپیک و دراما، موزیک و سەما، لەوەدا یەکدەگرنەوە کە هەموویان خەریکی دارِشتنی میمێزیانەن، ئەمەش سەرباری جیاوازییان لە دەستوێژ و ئۆبژێکت و شێوازی دارِشتندا. لێ ئەرِیستۆتێلیس هاوکات وێنەسازی وەک جۆرێکی دیکەی هونەری دیاری دەکات. ئەم جۆرەی هونەر تەنیا رِەنگ و فۆرم وەک دەستوێژ بەکاردەهێنێت [26]. جیاوازیی هونەرەکانی هۆنینەوە لە وێنەسازی ئەوەیە، کە ئەو هونەرە ناوبراوانە مرۆڤی ‘‘کردارنوێن‘‘ لە ‘‘رِەوتی کات‘‘دا دادەرِێژرین.

شێوە جیاکانی میمێزیس بەتایبەتی پەیوەست بە خۆجۆریی دارِشتنەکانیانەوە دیاردەدەن. بۆ رِوونکردنەوەی ئەم شێوە جیایانەی میمێزیس پێویستە رِووبکەینە جیاوازییەکانیان لە دەستوێژ و ئۆبژێکت و شێوازی دارِشتندا.

یەکەم: هونەرەکانی هۆنینەوە بە دەستوێژەکانی رِیتم و زمان و میلۆدی خەریکی میمێزیس دەبن، لێ هەر یەکەی ئەم هونەرانە دەستوێژەکانی خۆی سەربەخۆ لە هونەرەکانی دی دەخاتە گەرِ، لێرەشدا دەشێت دەستوێژەکە بەتەنیا بەگەرِبخرێت یان چەند دەستوێژێک پێکەوە بلکێنرێن. بۆ نموونە هونەری فلوت تەنیا میلۆدی وەک دەستوێژ بەکاردەهێنێت، یان سەما تەنیا رِیتم بەبێ میلۆدی بەکاردەهێنێت و سەماکەر بە دەستوێژی رِیتم هونەرەکەی ئەنجام دەدات، واتا کارەکتەر و موئانات و کردار دادەرِێژێت [27]. لێ ئەو جۆرەی میمێزیس کە زمان وەک دەستوێژ بەکاردەهێنێت، دەتوانێت هونەرەکەی بە پەخشان یان بە ‘‘بەیت‘‘ بەدیبهێنێت، هاوکات لە رِەوشی هۆزاندا دەشێت یەک کێش بەکاربهێنرێت یان چەند کێشێک تێکەڵ بە یەکدی بکرێن. بە هەر حاڵ، گرنگ بۆ ئەم کێشەیەی میمێزیس پەیوەست بە دەستوێژەکانی دارِشتنەوە ئەوەیە، کە هونەرەکان هەوڵی ‘‘هاوشێوەیی‘‘ لەتەک ئۆبژێکتەکەدا دەدەن، بە واتایەکی دی، هەر هونەرێک دەیەوێت بە دەستوێژی کارکردنی خۆی ئۆبژێکتەکە وەکو خۆی ‘‘بداتەوە‘‘. بۆ نموونە گەر ئۆبژێکتی میمێزیسی سەما بریتی بێت لە رِەوشێکی شاد یان ناسۆرێک، ئەوا سەما گەرەکە بە دەستوێژەکەی کە رِیتمە، شادییەکە یان ناسۆرەکە بداتەوە. رِیتمی ئۆبژێکتێکی شادمانی جیاوازە لە رِیتمی ئۆبژێکتێکی ناسۆری. ئەمە هەروەها چواندنی بۆ هونەرەکانی دیکە هەیە. میمێزیس لەم رِووەی

دەستوێژی کارکردنەوە لە واتای لاساییەکی ڕیالیستی نزیک دەکەوێتەوە. لێ گەرەکە سەرلەنوێ جەخت لەوە بکەینەوە کە ئێمە لێرەدا خۆمان تەنیا لە بەردەم پرسی دەستوێژی هۆنینەوەدا دەبینینەوە نەک ڕووەکانی دیکەی مێمێزیس.

دووەم: داڕشتنی میمێزیانە پەیوەست بە ئۆبژێکتەوە جیاوازە: میمێزیسکەران هەمیشە مرۆڤی کردارنوێن دادەڕێژن، لێرەشدا ئەرپستۆتێلیس کرداری چاک و خراپ وەردەگرێت، واتا دوو جۆری کردار، کە "لە ڕووی ئێتیکەوە بەواتان" [28]. لەبەر ئەوەی میمێزیسکەران هەمیشە کردارنوێن دادەڕێژن، ئەوا کردارنوێنەکان "چاکن یان خراپن"، "چاکترن یان خراپترن لە ئێمە"، یان "وەکو ئێمە"ن [29]. ئاشکرایە تەنیا داڕشتنی ئەو کردارنوێنانە کە وەکو ئێمەن، دەشێت وەک میمێزیسی ڕیالیستی (لاسایی) پێناسە بکرێت، لێ نەشیاوە داڕشتنی ئەو کردارنوێنانە کە لە ڕیالێتیدا نین، ناوبنرێت لاسایی. میمێزیس لێرەدا پتر واتای ‘‘داڕشتن‘‘، "هێنانەگۆڕێ" یان "دروستکردن" دەگەیەنێت، بێگومان داڕشتنێک یان دروستکردنێک کە "ئیدیالیزە یان کاریکاتێریزە دەکات" [30]. ئەرپستۆتێلیس ئەم جیاوازییە بەتایبەتی پەیوەند بە دوو جۆرەکەی دراماوە ڕووندەکاتەوە: تراژیدیا مرۆڤی "چاکتر لە ئێمە" دادەڕێژێت، واتا مرۆڤی ئاسایی دەخاتە سەر ئاستێکی ئیدیال (نموونەی باڵا)؛ بە پێچەوانەوە کۆمیدیا مرۆڤی "خراپتر" لە ئێمە دادەڕێژێت، واتا خەریکی کاریکاتێریزەکردنە. بێگومان لێرەدا پرسێک جەختە: هۆنەر لە ڕەوشی داڕشتنی مرۆڤی چاکتر یان خراپتردا سەروێنە (نموونە) وەرناگرێت و پاشان لاسایی بکاتەوە. هونەرێک کە مرۆڤی کردارنوێن دابڕێژێت و کردارنوێنەکە لەم چەشنەیدا لەنێو ڕیالێتیدا نەبێت، ئەوا ئەو هونەرە لەژێر ڕکێفی یاسای تایبەت بە خۆیدایە. ئەرپستۆتێلیس سەرەڕای ئەوە هۆنەر پابەند ناکات بە شێوەیەکی داڕشتنەوە. هۆنەر بەگوێرەی مەبەستەکەی، هەروەها بەگوێرەی سروشتی ئۆبژێکتی میمێزیسەکەی، دەتوانێت بڕیار بۆ شێوەی بە خۆ تایبەتی داڕشتن بدات یان دوو شێوەی داڕشتن پێکەوە بلکێنێت. ئەرپستۆتێلیس ئەم کێشەیە بەتایبەتی بە نموونەی تراژیدیا ڕووندەکاتەوە: لەبەر ئەوەی تراژیدیا داڕشتنی ئەو مرۆڤانەیە کە لە ئێمە چاکترن، ئەوا هۆنەری تراژیدیا دەبێت لەسەر ڕێسای وێنەسازە باشەکان بڕوات: ئەمانیش لە وێنەسازیدا دەشێت شێوەی تایبەتی شتە تاکەکە بدەنەوە و وێنەکەی وەکو خۆی بسازێنن، لێ هاوکات دەشێت جوانتر لە خۆی بیدەنەوە [31]. هۆنەر لەم ڕەوشەدا داڕشتنی ڕیالیستی و ئیدیالیزەکەر پێکەوە دەلکێنێت. هێشوویەک ترێ وەک ئۆبژێکتی هونەری دەشێت کتومت، بە گوێرەی گەورە و بچووکی دەنکەکانی، ڕەنگەکانی و ڕووناکی و سێبەر، بدرێتەوە، لێ دەشیت هێندە جوان بدرێتەوە کە لێڕوانەر بەسەهوودا بەرێت و بە هێشووی ڕاستەقینەی دابنێت. لەم ڕوانگەیەوە هونەرمەند لە لایەک پەیوەستە بە ڕیالێتیەوە، لێ لە لایەکی دی دەرفەتی هەیە کە لە هونەرەکەیدا ‘‘فیکسیۆن‘‘ چالاک بکات.

ئەرپستۆتێلیس لە جێیەکی دیکەی "پۆئێتیک"دا تێڕوانینێکی دیکەمان لەبارەی میمێزیس پێدەدات: ئەرکی هۆنەر ڕاگەیاندنی ئەو شتانە نییە کە بەڕاستی ڕوویانداوە، بەڵکو ئەوەیە، کە شتێکی "شیاوی ڕوودان" لەسەر ڕێساکانی "ڕەنگەیەتی و زەرووره" ڕابگەیەنێت. کاتێک ئەرکی مێژوونووسین ڕاگەیاندنی پەخشانیانەی فاکتەکانە، ئەوا ئەرکی هونەری هۆنینەوە داڕشتنی "شیاوێکە". مێژوونووس دەتوانێت لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتێک بنووسێت، کە

پاشان چۆن لە ماوەیەکی کورتدا دەڕوخێنرێت و سەرۆکەکەی لە نێوجەرگەی پایتەختەکەیدا لەداردەدرێت، لێ ئەمە بۆ هونەری هۆنینەوە سادەیە. هۆنەر بۆ نموونە لەم ڕەوشەدا دەتوانێت بەسەر ڕیالێتیدا سەربکەوێت، دەوڵەتە دامەزراوەکە لە ژیاندا بهێڵێتەوە، بەڵێ زاڵی بکات بەسەر دەوڵەتانی دیکەدا، لێ هاوکات پێشانی بدات کە چۆن لەتەک ئەو دەوڵەتەدا شێخ و خان و میرزا و دەرەبەگ دەکەونە ڕووتاندنەوەی وڵات و چەوساندنەوەی هاوڵاتیان. ئەمەیە کە دەترسێنێت و ڕادەچڵەکێنێت. لەبەر ئەم هۆیە ئەرپستۆتێلیس هۆنینەوە بە فەلسەفییتر و جددیتر لە مێژوونووسین دادەنێت[32]. ئاخر هۆنینەوە هاوشێوەی فەلسەفە "گشتێتی" (تێگە) ڕادەگەیەنێت، لێ ئەرکی مێژوونووسین بە پێچەوانەوە ڕاگەیاندنی تایبەتێتییە. "گشتێتی لەوەدایە، کە مرۆڤێکی خاوەن ئەدگارێکی تایبەتی بەگوێرەی ڕەنگەیەتی و زەرووره شتی تایبەتی دەبێژێت یان دەکات — هەر ئەمەیشە ئامانجی هۆنینەوە (...). لێ تایبەتێتی لە پرسیاری وەک ئەمە پێکدێت: ئایا ئەلکیبیادێس چیی کرد یان چیی بەسەردا هات" [33].
کەواتە پرسیارەکە ئەوە نییە کە داخۆ ئەلکیبیادێسی ژەنەرال دەشێت چیی لە ناکۆکییە جەنگییەکاندا بکردایە، بەڵکو پەیوەند بە مێژوونووسینەوە ئەوەیە کە ئەو لەو ناکۆکییەدا بەڕاستی چیی کرد و چیی بەسەردا هات. بە هەر حاڵ، هونەر لە داڕشتنی "شیاوێک"دا هیچ پەیوەندییەکی بە پەرچاندنی ڕیالێتییەوە (انعکاس الواقع) نییە، چونکە هونەر لێرەدا ڕووداوە ڕاستەقینەکان ناپەرچێنێت، بەڵکو بەگوێرەی ڕەنگەیەتی و زەرووره زنجیرە ڕووداوی شیمانەیی ،،دەهێنێتە گۆڕێ،،.

بەراوردێکی دیکەی نێوان هونەرەکانی هۆنینەوە و وێنەسازی لە "پۆئێتیک"دا بەڕوونی پێشانی دەدات کە ئێمە ناتوانین لای ئەرپستۆتێلیس یەک جۆر میمێزیس، بۆ نموونە ڕیالیزم، دیاری بکەین و بەمەش بگەین بە وەڵامێکی دوایەمین لەسەر تێگەی میمێزیس. ئەو لەو جێیەی "پۆئێتیک"دا دەبێژێت: لەبەر ئەوەی هۆنەر هاوشێوەی وێنەساز خەریکی داڕشتنە، ئەوا دەبێت لە سێ شێوە تایبەتییەکەی میمێزیس هەمیشە ڕێگەی یەکێکیان بگرێتە بەر: هۆنەر شتەکان ئەوها دادەڕێژێت، وەک شتەکان خۆیان چۆنن یان چۆن بوون، یان ئەوها، هەروەک چۆن ئەو شتانە دیاردەدەن، یان ئەوها، هەر وەک چۆن گەرەکە ئەوان دیاربدەن [34]. کەواتە ئەرپستۆتێلیس بڕیارەکە بۆ هونەرمەند خۆی جێدەهێڵێت: ئەوە کێشەی هونەرمەند خۆیەتی، کە بەگوێرەی مەبەست و ئاڕاستەکەی، بەگوێرەی ئۆبژێکتی هونەرەکەی، پەیوەندیی نێوان خۆی و هونەرەکەی دیاری بکات. سەرەڕای ئەوە دەتوانین گریمانە بکەین کە ئەرپستۆتێلیس پتر پێشتری بە داڕشتنی شیمانەیی دەدات، ئەوەش بە تایبەتی پەیوەند بە تراژیدیاوە ڕووندەبێتەوە.

سێیەم: هونەرەکانی هۆنینەوە لە شێوازی میمێزیسدا جیاوازن لە یەکدی. هۆنەر دەتوانێت بە یاریدەی هەمان دەستوێژ هەمان ئۆبژێکت یان ئۆبژێکتێکی شیمانەیی دابڕێژێت، ئەمەش بە شێوازی جیا: ئەو دەتوانێت خەریکی گێڕانەوە بێت، لێرەشدا دەتوانێت ڕۆڵی کەسێکی دیکە وەربگرێت یان ڕاستەوخۆ وەک هەمان کەس چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، واتا "من" وەک داڕێژەر هەڵبژێرێت. لێ هۆنەر هاوکات دەتوانێت فیگورەکانی وەک کردارنوێن بخاتە

چالاکییەوە. سۆفۆکلێس لە ڕوویەکەوە وەک هۆمێر خەریکی داڕشتنە، واتا هەردووکیان مرۆڤی چاک دادەڕێژن، لێ لە ڕوویەکی دیکەوە وەک ئەرپستۆفانێس، چونکە هەردووکیان مرۆڤی کردارنوێن لە چالاکیدا دادەڕێژن.

## 5- تراژیدیا وەک داڕشتنی کامیلی هونەری هۆنینەوە

بۆ ئەوەی پتر لە کێشەی میمێزیس لای ئەرپستۆتێلیس نزیک بکەوینەوە، ڕوو دەکەینە داڕشتنی میمێزیانەی تراژیدیا، چونکە تراژیدیا بۆ ئەو تاکە فۆرمێکی هونەرییە کە تێیدا سەرجەم کایەکانی یان دەستکەوتەکانی هونەرەکانی هۆنینەوە یەکدەخرێن.

تراژیدیا لای ئەرپستۆتێلیس بریتییە لە داڕشتنی میمێزیانەی "کردار" نەک "مرۆڤ". داڕشتنی کردار فۆرمدانە بە ڕووداوەکان بۆ سەرجەمێکی هونەری کە "سەرەتا و نێوەند و کۆتایی" هەیە و بە "زمانێکی جوان" داڕێژراوە. لێ نووسەر بەم سازاندنەی کەرەسە هێشتا هەر تراژیدیایەکی مەزنی نەنووسیوە. تراژیدیا دەبێت سەرەنجام بخاتەوە، واتا دەبێت لای لێروانەران "ترسان و ڕاچڵەکین" بخاتەوە و لە بەدحاڵەتە ناخەکییەکانیان "پاکیان بکاتەوە" [35]. گەر نووسەری تراژیدیا ئەم مەرجانەی بەدیهێنا، ئەوسا درامای مەزنی نووسیوە.

داڕشتنی کردار فۆرمدانە بە "کەرەسە"ی سەرچاوەیی، بە واتایەکی دی فۆرمدانە بە ڕووداوەکان. کەواتە میمێزیس لای ئەرپستۆتێلیس بە دەستوێژی "میموس بەدیناهێنرێت، بەڵکو بە دەستوێژی درامی. ،،میموس،، توخمی ئافرێنەرانەی دراماییی لە خۆ ناگرێت. ئەدگارە دابڕاو و دیارەکەی میموس وای لێدەکات کە تەنیا دەرەقەتی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە یان دەرەقەتی ئەزموونی مرۆڤی مامناوەندی بێت (...). چێوەی داڕشتنی میموس بریتییە لە سیێنی تاک تاک، شێوازی داڕشتنەکەی بریتییە لە ڕیزکردنی ئاسایی سیێنەکان" [36]. لەم ڕوانگەیەوە تراژیدیا لای ئەرپستۆتێلیس بە نواندنی لەسەر شانۆ نابێت بە میمێزیس. هۆنەری تراژیدیا لەنێو پرۆسەی نووسینەکەیەوە، واتا هۆنینەوەی تراژیدیایەکەیەوە، میمێزیسی ئەنجام داوە.

ئەوە پەیوەندییەکی بەتایبەتی ڕێکخرای کردەکێتییە کە دەبێت بە بابەتی داڕشتنی میمێزیانەی تراژیدیا [7]. کارەکتەر بابەتی تراژیدیا نیە، بەڵکو کردار. لێ کردار دەبێت سەرجەمی بێت، واتا سەرەتا و نێوەند و کۆتایی هەبێت کە لەسەر ڕێسای ‘‘ڕەنگەیەتی و زەرووره‘‘زنجیرەئاسا لە یەکدییەوە چێدەبن. لەم ڕوانگەیەوە هۆنەری تراژیدیا کەرەسەکەی سەرجەمییانە دادەڕێژێت و لە ‘‘کاتێکی داخراو‘‘دا دەیسازێنێت، یان فۆرمی پێدەدات. لێ گەر کاتی تراژیدیا داخراو بێت، ئەوا ترازیدیا خۆیشی فۆرمێکی داخراوی هەیە. هەروەها گەر تراژیدیا داڕشتنی کردار بێت و سیێنەکان لەسەر ڕێسای ڕەنگەیەتی و زەرووره یەکدی بشێنن، ئەوا دەبێت ئەو پەیوەندییە تایبەتییە کە ترازیدیا دایدەڕێژێت، هاوکات پەیوەندییەکی تایبەتیی هونەری بێت و هونەرمەند بە شێوەیەکی هونەری

''ببینێت'' [38]. ئاخر لە پرسی میموسدا بینیمان، کە ڕووداوە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە دەکرێن بە بابەتی نواندن. لێ ڕووداوی تراژیدیا ڕۆژانەیی نییە، بەڵکو "پاشینەیی"ـە و لەبەر ئەم هۆیە نەشیاوە "ڕاستەوخۆ ڕابگەیەنرێت"، بەڵکو تەنیا "بەڕێی ئەکتێکی ئافرێنەرانەی دراماتیکەکەیەوە و بەگوێرەی یاسامەندییەکانی خۆی ڕادەگەیەنرێت" [39]. لێرەوە دەتوانین ببێژین، کە ئەریستۆتێلیس لە داڕشتنی تراژیدیادا پتر پێشتری بە میمێزیسی ئیدیالیزەکەر دەدات. ئێمە هەوڵ دەدەین بە یاریدەی رۆڵی ''کەرەسە'' لەم پرسیارە نزیک بکەوینەوە.

کەرەسە دەشێت لە لایەن هۆنەر ''ببینرێتەوە'' یان ئەو خۆی ''بیدۆزێتەوە''. بینینەوەی کەرەسەیەک بۆ نموونە داستانێکی یان ئەفسانەیەکی میللییە. بە پێچەوانەوە دۆزینەوە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە هۆنەر خۆی گۆڕان بە کەرەسەیەک دەدات و دەیکات بە بابەتی فۆرمپێدانی هونەری. لێ ئایا کەرەسە ڕاستەوخۆ دەبێت بە بابەتی داڕشتن؟ واتا لەو شێوەیەدا کە هۆنەر زیرەکانە تەکنیکەکانی دراما بخاتە گەڕ و بەسەر کەرەسەکەیدا بەکاریان بهێنێت؟ سەرەتا گەرەکە پەیوەند بەم پرسیارەوە ببێژین کە گومانی تێدا نییە هۆنەر مەئریفەی پۆئێتۆلۆژیی پێویستە و هەروەها دەتوانێت تەکنیکییانە کار لە ئۆبژێکتەکەیدا بکات. سەرەڕای ئەوە نەشیاوە تراژیدیا بەو جۆرە بنووسرێت. ئێمە دەتوانین بە یاریدەی تێگەیشتنی ئەرپستۆتێلیس بۆ دەرککردن لەم کێشەیە نزیک بکەوینەوە. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ دا، ڕووداوی تراژیدیا پاشینەییە و هۆنەر دەبێت دەرکی بکات، لێرەشدا ئەو لە خۆیەوە ناکەوێتە گەڕان بەدووی کەرەسەیەکدا و ئەوجا لەسەر ڕێسای دراماییی بیکات بە تراژیدیا. نەخێر. سەرەتا دەبێت کەرەسە (یەک) هۆنەر بهەنگێوێت، کەواتە دەبێت دەرکی بکات، دەرککردنیش تەنیا وەرگرتنی دیاردەی ڕووداوێک نییە، بەڵکو لە هەر پاژێکی ڕووداوەکەدا کەرەسەیەک و فۆرمێک پێکەوەن (ژنێک ڕەدووی خۆشەویستەکەی دەکەوێت و بەرە بەیان بە نهێنی گوندەکەیان جێدەهێڵن)، بێگومان هێندە نەبێت کە جارێ ڕووداوەکە وەک سەرجەم فۆرمی ترژیدیای پێنەدراوە، واتا جارێ ڕووداوەکە هەقیقەتی نییە. گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە کەرەسە وەک شتێکی دەرککراو لەنێو هۆشی هۆنەردا ''شتێک'' پێکدەهێنێت و ئەم شتە موڵکی ئەو خۆیەتی. ئێستا ئەم شتە دەبێت بە بزوێنەری ئەندێشە، واتا هۆنەر ئازادانە ''وێنا''ی ئەو شتە دەکات کە لەنێو هۆشی خۆیدا گەڵاڵەبووە. بێگومان ئێستا هۆنەر لە کارەکتەرە چالاکەکانی نێو کەرەسەکەی ناڕوانێت، بەڵکو لە ڕووداوێک دەڕوانێت لە شێوەی ''کارەسات''دا کە بەسەر کردارنوێنێکدا دێت، لێ ئەمیش — بەگوێرەی کرۆکی تراژیدیا — لەژێر ''زەبر''ی بەخت و بەدبەختیدا. کەواتە ناوەرۆکی تراژیدیا بریتی نییە لە داڕشتنی "کردار، بەڵکو بریتییە لە داڕشتنی کردارنوێنی، لێ کردارنوێنی بریتی نییە لە داڕشتنی کرداری مرۆڤ، بەڵکو بریتییە لە داڕشتنی کرداری مرۆڤ پەیوەست بە بەخت و بەدبەختییەوە. کردارنوێنی داڕشتنی پەیوەندیی کارەساتە بەڕێی پێکەوەبوونی مرۆڤ و بەخت و بەدبەختییەوە" [40].

گومانی تێدا نیە، ئەو کارەساتە کە بەسەر مرۆڤێکدا دێت، شتێکە کە لە دەسەڵاتی ئەودا نییە. ئاخر کارەساتەکە تووشی ئەو دەبێت، یان بەسەریدا دێت. ئەم "شتە"یە کە لێڕوانەر دەترسێنێت و ڕادەچڵەکێنێت. ئەرپستۆتێلیس ئەو ''زەبر''ـە، کە تووشی مرۆڤ دەبێت و تەنیا بەڕێی کردارەکەی خۆیەوە دیاردەدات، ناودەنێت "تیشێ". ئەوە

که تیشێ بەسەر مرۆڤیدا بهێنێت، ڕوودەدات. هۆنەر گەرەکە دارشتنەکەی بە چەشنێک ئەنجام بدات کە ئیدی لێروانەران بە چاکی دەرکی ئەم زەبرەی تیشێ بکەن. هۆنەر دەبێت "سامناکی" دابرێژێت. لێ ئەمە هێشتا هەر نابێت بە کەرەسەی هۆنەر. ئەرِیستۆتێلیس سنووری ئەم دارشتنە بەڕوونی دیاری دەکات: ئەرکی هۆنەر بریتییە لە دارشتنی "ئەوپەڕی سامناکی" [41].

سیمایەکی کرۆکیی تراژیدیا لای ئەریستۆتێلیس ئەوەیە کە وەرچەرخانێک لە بەختەوە بۆ بەدبەختی یان بە پێچەوانەوە ڕوودەدات. لێ لە تراژیدیادا زەبری بەدبەختی سەروەرترە. ئەرِیستۆتێلیس هۆی ئەم وەرچەرخانە بۆ ''هەڵە''یەک دەگەڕێنێتەوە کە مرۆڤێک بەبێ شیمانەی قوتاربوون لێی دەیکات. هۆی تەنینەوەی بۆگەناو و چێبوونی ژان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هەڵەیە. بۆ نموونە ئۆدیپی پاشا لای سۆفۆکلێس دەکەوێتە هەڵەیەکی بەم چەشنەوە. زەبری تیشێ لای ئۆدیپ شێوەی ئەوپەڕی سامناکیی وەرگرتووە: ئۆدیپ لە چارەی نووسراوە، کە باوکی خۆی بکوژێت و دایکی خۆی مارە بکاتەوە، ئۆدیپیش ئەمانە بە کردار دەنوێنێت: باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی خۆی مارە دەکاتەوە. ئەم هەڵەیەی ئۆدیپ لە ڕادەیەکی ئەوتۆدایە، کە ئیدی "ناخاوێنییە بێگوناهەکەی وا دەکات کە چە مرۆڤ و چە خودا و خوداوەندی" بکەونە مەترسییەکی هەرگیز نەبینراوەوە، واتا "مەترسی"ی "نەمانی پیرۆزی و پاکبوونەوەی جیهان لە خودایەتی" هەڕەشەی داڕزان لە جیهان دەکات [42]. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەوە بە ڕێکەوت نیە، کە ئەرِیستۆتێلیس لە "پۆئێتیک"دا داوای دارشتنی ئەو ڕووداوانە دەکات کە بە چڕی لە نێوان کەسانی زۆر نزیکدا ڕوودەدەن، بۆ نموونە دایک و باوک و منداڵ.

کەواتە پەیوەندیی نێوان هۆنەر و کەرەسە بە چەشنێکە، کە ئەو دەبێت تێیدا بژی. گەر هۆنەر خۆی بۆ ڕوودانە پاشینەیی و ئەوپەڕی سامناکەکان تەرخان بکات، ئەوا دەبێت سەرەتا ئەو ڕووداوانە وەک بابەتێکی تراژیدیایی لەنێو هۆشی خۆیدا بسازێنێت، یان فۆرمیان پێبدات. بەڵێ زۆرتر لەمەیش: کەرەسە فۆرمپێدراوەکە لەنێو خۆی هۆنەردا دەچێتە فۆرمی قەوارەیەکی زمانییەوە و هۆنەریش بە نووسینەوەی تەنیا لەنێو هۆشی خۆیەوە دەری دەدات.

## پەراوێزەکان

1) پلاتۆن (بە ئەرەبی ئەفلاتون) ساڵی 427 پ.ز. لە ئەسینا هاتۆتە جیهانەوە و ساڵی 327 پ.ز. جێی هێشتووە.

2) ئەرپستۆتێلیس ساڵی 384 پ.ز. لە ستاگیرا هاتۆتە جیهانەوە و ساڵی 322 پ.ز. مردووە.

3) Lehmann ،Hans-Thies: Theater und Mythos. S. 150.

4) Kohl ،Stephan: Realismus. Theorie und Geschichte. S. 26.
5) Platon: Der Staat. 386c. In: Lehmann ،Hans-thies ،a.a.O. ،S. 149f.
6) Platon: Der Staat. 392c-296a. In: Lehmann ،Hans-Thies ،a.a.O. ،S. 149f.

7) لە بنەڕەتدا ئەم هەڵوێستەی پلاتۆن لەبارەی هونەر هەتا ئەمڕۆ هەڵوێستی هەندێک ئایینی ئاسمانی و "رژێمی دیکتاتۆری"یە. بێگومان ئەمە ئەو واتایە ناگەیەنێت، کە ئێمە پلاتۆن بۆ ئەم جۆرە هەڵوێستانە بەرپرسیار بکەین. ئاخر کێشەکە لێرەدا پتر بەندە بە هونەرەوە وەک دەربڕێکی هەقیقەت، هەر ئەمەیشە کە زۆر ڕژێم و ئاینی ئاسمانی دەسڵەمێنێتەوە. لێ دەبێت پەیوەند بە پلاتۆنەوە لە لایەک ببێژین، کە ئەو تا ڕادەیەک بەهۆی کارەساتە سامناکەکانی خودی جیهانی مێژووییەوە هۆشی خۆی لەو جیهانەوە ڕوووەو جیهانی ئارامیی ئیدێکان وەرچەرخاند، واتا: ڕووخانی دێمۆکراسی لە ئەسینا، خۆکوشتنی سۆکراتێس، کە دەبێت بە یەکێک لە گرنگترین پاڵهێزەکانی شەڕی هزرمەندانەی نەبڕاوەی پلاتۆن لەدژی جیهان، پاشان گیرانی پلاتۆن خۆی بە کۆیلە لە سیراکۆس. سەرەڕای ئەوە دەبێت لە لایەکی دی جەخت لەو هەقیقەتە بکەین، کە پلاتۆن هەر لە منداڵیەوە کوڕێکی ئیماندار بوو و درەنگتریش وەک فەیلەسوفی کامڵ جیهانی ئارامیی ئیدێکانی بە جیهانی هیوا دادەنا، ئەوەش تەنیا بۆ خاتری دەروونپاکی و چاکبوونی مرۆڤ.
هەروەها بڕوانە:

Hoffman, Ernst ،Platon ،S. 18.

8) Aristoteles. Metaphysik, A1 ،980 (a21) – 981 (a12).
9) Ebenda, A1 981 (a 13-30).
10) Aristoteles. Metaphysik 1025 b 18 ff. Gen. Anim. 740 b 28. In: Neschke, Ada B.: Die Poetik des Aristoteles, S. 82.
11) Neschke ،Ada B., a.a.O. ،S. 82.
12) Ebenda, S. S. 82f.
13) Ebenda, S. 84.
14) Neschke, Ada B ،a.a.O., S. 85.
15) Kohl, Stephan, a.a.O., S. 30.
16) Aristoteles: Poetik. Übersetzt von Manfred Fuhrmann. K.4, S. 11.
17) Ebenda, K. 4, S. 11f.
18) Vahlen, Johannes: Beiträge zu Arisroteles Poetik. S. 10.
19) Fuhrmann, Mannfred: Einführung in die antike Dichtungstheorie. S. 10.
20) Aristoteles: Poetik. K.4, S. 13.
21) Ebenda, K.4, S. 13.

22) Ebenda, K4, S. 13.
23) Ebenda, K 17, S. 55.
24) Ebenda, K 4, S. 13.
25) Fuhrmann, Mannfred, a.a.O., S. 13.
26) Aristoteles: Poetik, K 1, S. 5.
27) Ebenda, K. 1, S. 5.
28) Fuhrmann, Mannfred, a.a.O. ،S. 7.
29) Aristoteles: Poetik, K. 2, S. 7.
30) Fuhrmann, Mannfred, a.a.O., S. 7.

هەروەها بڕوانە:

Söffing, Werner: Deskriptive und normative Bestimmungen in der Poetik des Aristoteles, S. 42.
31) Aristoteles: Poetik, K. 15, S. 49.
32) Ebenda, K. 9, S. 29.
33) Ebenda, K. 9, S. 29f.
34) Ebenda, K. 25, S. 85.
35) Ebenda, K. 6, S. 19.
36) Boschor, Ernst: Über das griechische Drama, S. 25.
37) Mann, Otto: Poetik der Tragödie, S. 14.
38) Ebenda, S. 14.
39) Buschor, Ernst, a.a.O., S. 23.
40) Mann, Otto, a.a.O., S. 13.
41) Siehe Neschke, Ada B., a.a.O., S. 134.
42) Schadewald, Wolfgang: Der Gott von Delphi und die Humanitätsidee, S. 121.

## سەرچاوەکان


1) Aristoteles:

- Poetik. 1- Reclamausgabe griechisch-deutsch, Stuttgart 1991. 2- In: Hauptwerke, Ausgewählt und übersetzt von Wilhelm Nestle, Stuttgart 1968.
- Metaphysik. Übersetzt von Friedrich Bessenge, Berlin 1990.

2) Bröcker, Walter: Aristoteles, Frankfurt a.M. 1964.
3) Buschor, Ernst: Über das griechische Drama, München 1979.
4) Fuhrmann, Manfred: Einführung in die antike Dichtungstheorie, Darmstadt 1979.
5) Gadamer, Hans-Georg: Idee und Wirklichkeit in Platos Timaios, Heidelberg 1974.
6) Gessi, Viviana: Erkennen und Handeln in der Theorie des Tragischen bei Aristoteles Frankfurt a.M., 1987.
7) Hoffmann, Ernst: Platon, Zürich 1959.
8) Kohl, Stephan: Realismus. Theorie und Geschichte. München 1977.
9) Lehmann, Hans-Thies: Theater und Mythos. Die Konstitution des Subjekts im Diskurs der antiken Tragödie. Stuttgart 1991.
10) Lesky, Albin: Die griechische Tragödie, Stuttgart 1968.
11) Mann, Otto: Poetik der Tragödie, Bern 1958.
12) Natrop, Paul: Platos Ideenlehre. Eine Einführung in den Idealismus. Leipzig 1920.
13) Nebel, Gerhard: Sophokles‘ König Ödipus. Dichtung und Wirklichkeit. Frankfurt a.M. 1964.
14) Neschke, Ada B.: Die Poetik des Aristoteles I. Interpretation. Frankfurt a.M. 1980.
15) Platon: Der Staat. Magnus.
16) Schadewaldt, Wolfgang: Der Gott von Delphi und die Humanitätsidee, Frankfurt a.M. 1975.
17) Söffing, Werner: Deskriptive und normative Bestimmungen in der Poetik des Aristoteles, Amsterdam 1981.
18) Vahlen, Johannes: Beiträge zu Aristoteles Poetik, Berlin 1914.

## فەرهەنگۆک

**دراما**: کردار، شانۆنامە

**دراماتیک**: (گ/لا) هونەری هۆنینەوەی دراماییٖ؛ تەوژمی ناخەکی کە وەک بزووتن لەنێو درامادا سەروەرە.

**ئێپیک**: (گریکی، ئیدی لە خوارەوە: گ) هونەری چیرۆک.

**ئێنتەلەشی**: (گ) لەنێو ئەم واژەیەدا وشەی تێلۆس هەیە، واتا: هۆئەنجام. فەلسەفەی ئەرِیستۆتێلیس ئێنتەلەشییانەیە، واتا هۆئەنجامییە.

**ئێتیک**: کردارناسی، ڕەفتارناسی، ئەخلاقناسی. بە ئارەبی "علم الاخلاق".

**فاکت**: (لا) دراوی هەقیقی، بۆ نموونە هینی ڕووداوێک، ڕەوشێک.

**فیکسیۆن**: (لا) دۆزینەوە یان هەڵهێنجانی شت و ڕووداوی نەبوو بەڕێی هۆشەوە، بۆ نموونە دۆزینەوەی ڕووداوێک لە لایەن نووسەرێکەوە، کە پاشان بۆ چیرۆکێکی هونەری فۆرمی پێدەدات.

**ئیدێ**: (گ) وێنە، کە تەنیا بە چاوی هۆش نەک جەستەیی لێیدەڕوانرێت؛ سەروێنە.

**ئیدێنتیتێ**: (لاتینی، لە خوارەوە: لا) یەکانگیرییەکی یان هاوشێوەییەکی ڕەها، شوناس.

**ئیدیالیزەکردن**: هەڵزناندن لە ئاستی ئەمپیرییەوە یان دەرککردنەوە بۆ ئاستی هۆشەکی یان ئیدیال.

**کردەکێتی**: (Wirklichkeit) یان ڕیالێتی، واتا سەرجەمی پەیوەندی و ڕەوشەکانی نێو ژینجیهان، کە بەسانایی لەگۆڕێن. پێچەوانەکەی بریتییە لە "شیمانەیی".

**لێڕوانەر**: بە کوردی "بینەر" بەکاردەهێنرێت، کە ڕاست نییە، چونکە بینین پاسیڤە، لێ لێڕوانەری تابلۆیەک یان شانۆگەرییەک هەڵوێستێکی چالاکی هەیە و ڕوانینی خۆی "لە" بابەتەکە خستۆتە "گەڕ".

**میموس**: (گ/لا) میم واتای نواندن دەگەیەنێت. میموس لە ئەنتیکەدا بریتی بوو لە نواندنی ژیانی ڕۆژانە لەسەر شانۆ.

**ماتەری**: (لا) مادە، کەرەسە.

**ئۆبژێکت**: دانراو، بابەتی تەرخانکراو بۆ کارتێداکردن.

**پۆئێزیس**: (گ) دەبێت بە واتای وشە وەک "هۆنراوە" یان "هەڵبەست" لێی تێبگەین. هۆشی هونەرمەندانە توخمی وێنەیی بۆ سەرجەمێکی هونەری دەهۆنێتەوە، چڕدەکاتەوە، کە پاشان ناو دەنرێت هۆنراوە و دەشێت هۆزان (شیعر) یان چیرۆک، سەما یان موزیک بێت.

**پۆئێتۆلۆژی**: (گ) زانستی هونەرەکانی هۆنینەوە.

**سیێن**: (گ/لا) وشەکە واتای خەڵوەت یان چادر دەگەیەنێت. سیێن وەک تێگە شوێنی نواندنی شانۆگەرییە، کەواتە شانۆ. لەم پەیوەندییەی ئێرەدا واتای "یەکە"ی دراما دەگەیەنێت، بە ئارەبی "مشهد".

**سەرمەدی**: (فارسی) سەرکاتی، سەرسروشتی.

**سێنس**: (لا) بریتییە لە ئۆرگانی دەرککردن لەنێو مرۆڤ و ئاژەڵە پێشکەوتووەکاندا. لە کوردیدا "هەست"ی بۆ بەکاردەهێنرێت ( پێنج هەستەکە) کە هەڵەیە.

**تێشنیێ**: (گ) وەک لە نووسینەکەدا ڕوونکراوەتەوە، واتای دروستکردنی هونەری یان خودی هونەر دەگەیەنێت. بە زمانی مۆدێرن دەکرێت بە تەکنیک.

**ئەکت**: (لا) ڕەوت، کردار، چالاکی؛ بۆ نموونە ئەکتێکی نواندن لەسەر شانۆ، ئەکتێکی جەماوەری.

**ئەنتیکە**: کۆن، کۆنباو. لێرە مەبەست لە قۆناغێکی مێژوویە لە ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا کە لە 800 پێش زایین تا 600 پاش زایین دەخایەنێت.

**ئەزموون**: بە ئارەبی "تەجروبە".